ژمارە

125



کاریکاتێری:
ئیسماعیل خەیات..ل٤٠

گەپ– مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
ساڵی حەوتەم ژمارە(١٢٥) ٢٥/٦/ ٢٠١١
بەکاتی ئەنفلۆنزای گەندەڵی
www.gep-media.com Email:gepgovar@yahoo.com
سوبعەت تاسەر ئێسقان

لە جێوە برا لە جێوە
بەشارولەسەد خێوە
عەینەن خەیاری ئەمساڵ
سەد ڤایرۆسی ها پێوە

لەخاڵی سنوورەوە.. بێ فەحص لە دوورەوە
خواردنی ئێکسپایەر.. مل دێنێتە ژوورەوە
هاتم لەلای قەشقۆلی..
گەندەڵ زۆرە وەک خۆڵی
کوا نەتیجەی گفتوگۆی
یەک دوو سێ چوار پێنج قۆلی

هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرین.. ڕێزی دوای دواوە دەگرین
چاکسازیمان دەستپێکرد.. نازانین چەند کون بگرین




کاریکاتێر: سالم سەلیم



غەڵبەغەڵب

محەمەد قادر

# پاســ- پۆرت

ئەگەرچی دوو- ساڵ لەمەوبەر بۆ ورک شۆپێکی دیزان لە لوبنان قیروسیام لە خۆم کردو (بە 7 گەڵا) پاسپۆرتێکی G ییان لە بەغداوە بۆ هێنامەوەو لە تەیارەخانەکانی (هەولێر- لوبنان – دیمەشق – بەغدا) چارەکی لاپەڕەکانیان مۆرباران کرد، ئیدی 6 مانگ دوواتر منداڵەکانم بۆ سەفەرێکی ئێران هەڵیانپێچام بۆ پاسپۆرت.

(پاش ماوەیەک 3 گەڕەک لەولاتری ماڵی خۆمانەوە خوا دەست بە باڵییەوە بگرێ حکومەتی هەرێم لە فەرمانگەی پاسپۆرتی هەولێر دەستی کرد بە دەرکردنی پاسپۆرت) منیش لە دڵی خۆمدا گوتم: ئێ باشە خۆ خزمانی کوردستانی ئێران دەمێکە تەکلیفم لێ دەکەن سەردانێکیان بکەم و حەیاو حورمەتیشم چوو هێندە وەعدیان بدەمێ و هەر نەچووم، فرسەتە با بچم پاسپۆرت بۆ منداڵەکانیشم دەرکەم (بەتایبەتی کە ئێستا بەلاشە).

ئیدی زۆر سادەو ساکار بەیانییەک بە کەماڵی ئیسراحەت ڕەسم و مەسم و نفوس و مفوس و جنسیەی منداڵەکانم پێچایەوەو عایلەوییەن (وەک بۆ پیاسەی هەنارە و هەورازە نەفتە بچین بۆ تکە لێدان) بەرەو ئەو فەرمانگەیە بەڕێکەوتین. تەلەفۆنێکم بۆ برادەرانی دائیرە کردو پێمگوتن کە ئیشێکی 2 سەعاتیم هەیە!

بەڵام یارەبی ئەوەی من بینیم دوژمنیشم نەبینێ، سەرەی بێ پاسپۆرتەکان وەک ماری کۆبرا 7-6 قەد بەدەوری فەرمانگەکەدا ئەڵقەڕێزیان دابوو، حەشاماتێک بوو دەتگوت ڕۆژی حەشرو حیسابەو هەر موسڵمانێ بە فایلەکەی خۆیەوە( سپی بێ یا ڕەش، پاک بێ یا پیس) چاوەڕێی ڕەحم و کەرەم و بەزەیی ڕەبولعالەمینن چاوپۆشییان لێ بکات و ئەگەر حۆرییەشیان نەداتێ، هیچ نەبێ بیانکاتە ئەودیو دیواری بەهشتەوە! هەرچەندە بڕواناکەم (خوایش خۆی موبینی حاڵەو ئاگای لەو هەموو عەزابەیە کە ئەو موسوڵمانە فایل بەدەستانە لەبەر ئەو گەرمای هاوینەدا دەیچێژن) نەختێ لە گوناهەکانیان نەشۆرابێتەوە و عەفویان نەکات!

هەرچۆنێک بوو منداڵەکەم کە ئەوکات تەمەنی 9 ساڵان بوو هەر لە گەراجی ترومبێلەکانەوە کە ئەو کارەساتە دڵتەزێنە ئەژنۆ لەرزێنە کەمەر شکێنە جەرگ بڕێنە حیلە هەڵپەڕێنەی بینی (بەتایبەتی کە چلەی هاوین پلەی گەرما 42 ی سەدی بوو)، بە تووڕەییەوە پێچێکی بەرەو دوواوە کردەوەو گوتی: ئەمە پاسـ(پۆرتە)، یا (پۆرت) شکان؟ گوتی : من نایەم و ئەم شتە بۆگەنەم ناوێ و حەزیشم لە سەفەر نییە!!

هەرچۆنێک بوو قەناعەتم پێکرد ئەو شتە(کە پاسپۆرتە) بۆگەن نییەو ئەگەر بۆ ئەوانیشم بکردایە لە بەغدا 7X3 = دەکاتە 21 گەڵا، ئیدی چووینە حەوشەی پاسپۆرتخانەو نزیکی پەنجەرەیەک بوومەوە(کە هەر بە پەنجەرەی سەموونخانە دەچوو) بەرلەوەی زمانی پرسیارم نوتقی لێبێ حەشاماتە فایل بەدەستەکان و کابرای پۆلیسی ئەودیو پەنجەرەکە هەموو پێکەوە نەڕاندیان بەسەرما و گوتیان: بچۆ دوواوە سەرە بگەر!

منیش سوک و باریک گەڕامەوە ناو ترومبێلە بۆر و هاتمەوە ماڵەوە و ئیدی لەو ساڵەوە (کە لەسەر پاسپۆرت پۆرتم شکا) سەرەم گرتووە، مانگی جارێک هەر لەناو ترومبێلەکەم و لەوبەری جادەکەوە تەماشایەک دەکەم، تا بزانم داخۆ سەرەی فایل بەدەستەکانی بەردەم دیواری بەهەشت نەختێ کەم نەبوونەتەوە؟!

سەرگێژ

پەروەر





ڕەوف حەسەن
rauf1945@yahoo.co.uk
Tel: 0770 153 63 97

# ئاگادارییەکی بەپەلە بۆ ئەمەریکا !

لەبەرئەوەی بەمدواییە ویلایەتی (ئەریزۆنا)ی وڵاتە یێکگرتۆکانی ئەمەریکا دەستیداوەتە لاموجیمیکردنو، بەدەم داواکارییێکانی خەڵکو ئۆپۆزیسیۆنی ویڵایەتەکەیەوە نایەت و، گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و شتی دییش! گەشتۆتە بلیۆنەها دۆڵار لەسەرو ئاستی حەپەلوشەوە. حوکمەتی ویلایەتە یێک نەگرتۆکانی هەرێمی کوردستان لە ئاگادار کردنەوەییێکی هەنوکەییدا بۆ هەر (دە) ئەندامەکەی ئەریزۆنا لە کۆنگرێسی ئەمەریکاییدا. بڕیاریدا مۆڵەتی دو چرکەیان بۆ ڕاپەڕاندنی فەوری گشت ئەو خاڵانەی لە لیستەکاندا هاتون بداتێ. دەنا موشەکە ستراتیژییێکانی هەرێم لە ئامادەسازیدا دەبن و ئەگەر خوانەکردە لە میانەی ئەو دو چرکەیەدا نەیتوانی وزەی کارەبای فول لە 24 سەعاتەوە بکاتە 24 خولەک، ئەوا وێستگەکانی کارەبای ئەو ویلایەتە دەداتە بەر هێرشی موشەکی (خولەپیزە 07)ی کیشوەربڕو هەمویان دەتەقێنێتەوە.

هەروەها بەنیسبەت دابەشکردنی ئاویشەوە. ئەگەر بە سرنج و، دڵۆپ دڵۆپ، بەوپەڕی دادوەرییێوە بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش نەکات. ئەوا موشەکی (عەولەسیس 17و 21و 24)ی ستراتیژی گشت ترومپاو بۆری و تانکەرەکان تەفروتونا دەکات، بۆئەوەی دواتر کۆمپانیاکانی هەرێم بە گرێبەستی ملیاران دۆلارو بەپێوەرە نێودەوڵەتییێکان کێشەی کارەباو ئاو بۆ هەتاهەتایە لەو ویلایەتەدا چارەسەربکات، هەروەک چۆن بیرە نەوتە سوتاوەکانی کوێت و دامەزراوە وێرانەکانی ئێراقی نۆژەنکردەوە!

لە ئاگادارییێکەی حوکمەتی هەرێمدا هاتووە: دەبێ ویڵیەتی (ئەریزۆنا) لەبواری ڕۆژنامەوانیدا چاو لەئێمە بکەن، بۆیێ بەهیچ جۆرێ نابێ ویلایەتی (ئەریزۆنا) هیچکام لەو 370 هەزار ڕۆژنامەوانەی ویلایەتەکەی بدرێنە دادگە! ئەوانە لەبەر بێکاریو نەخوێندەواری بونەتە ڕۆژنامەوانو، بەناچاریو لە نەزانینەوە بەوپەڕی بەرائەتەوە درۆو تەشهیر دەکەن! بەڵکو دەبێ هەمو ئەوانەی لەلایەن ئەو ڕۆژنامەوانە گوناحانەوە سوکایەتیان پێکراوەو درۆیان بەدەمەوە کراوە، پەلکێشی بەردەم دادگە بکرێنو دوای سزای تێلاتڕێنو زیندانی، دەبێ قەرەبوی ماڵی ئەو ڕۆژنامەنوسە موفلیسو نابوتو تەشهیرکەرانەیش بکەنەوە، دەنا وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنو لاوانو. هەرچی چاپخانەی حوکمەتیو ئەهلیش هەن، هەمویان دەداتە بەر هەڵمەتو دەستڕێژی جوێنو فەزیعەتی ڕۆژنامەوانانی کەناڵە ئاسمانیو زەمینییێکانی (شەلم کوێرم ناپارێزمSKN )ی هەرێمی کوردستانو ئیدی گلەیی خۆتان لەسەر خۆتان.

بەنیسبەت بێحورمەتی بە ژنانەوە کردنیش، ئەگەر هەر ئێستە ڕێگەچارەی بۆ نەدۆزنەوە، ئەوا بارەگاکانی جەنگاوەرە زلحۆرتو دیرینەکانی پیاوان دەخەینە بەر ڕەحمەتی موشەکو سوپەر جێندەرەکانی (حەپسەخانی نەقیب)ەوە.

بۆ موچە خەیاڵییێکانی بەرپرسە حیزبیو وەزیرو پەرلەمانتارەکانیش. BKCیێکانی (بێکەس0-)و کەریم ئەلەکەی (قانیع-KQ2)و ئەنبەرخاتونی (مەولەوی AM01)، خاکو خۆڵتان بەتورەکە دەبێژن!

ئەمما ئازادی ئایینی ئەوە لە خەتەرترین حاڵەتی پێشێلکاریدایەو، جا لەبەرئەوەی مزگەوتەکانی ئیبراهیمو محەمەد لە هەردو شاری Kingmanو Tucsonدا بونەتە بارەگاو جبەخانەی حیزبییو بۆ نوێژو ئیتاعەت بەکارنایەن، دەبێ لەنێو گۆڕەپانو شەقامە گشتییێکانی ئەو شارانەدا ڕێ لە نوێژکەرە شەرواڵ شۆرتەکان نەگیرێ، دەنا قەسەم بەخوای تبارەکو تەعاڵ، بە جنۆکەکانی (فایەقی مۆتێ) و کاسپەرەکانی (شێخ لوقمان) دەڵێین ئیمپراتۆریەتە نەخۆشەکەی عوسمانلی، لەو ویلایەتە نەگبەتەدا زرپو ساغو زیندوبکاتەوە!

GEP
Karikatur Magazeen
No:125 25th June 2011
www.gep-media.com
Executive Editor : Muhammad Qadir
sardamm2003@yahoo.com

باقی وەسەلام

# زمانی درێژو دەستی کورت



ڕێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

ئەم نەوعە یەکێکە لە قەباعەتەکانی نەگبەتی ئینسان زۆرجار بەدەست خۆی نیەو هەر ئەشیکات .. ئەم بەزمە کۆتایی بە قوەتی (زمان بوەستە سەر سەلامەت ) هێناوە .. چۆن :

• هەیە بە حسابی زمانی وڵاتێک سەروژوور ئەکات و هیچی بە پێوە ناهێڵێ .. کەچی لە ئەساسا لە برسانا بمرێت قوەتی ئەوەی نییە دارتوویەک راوەشێنێ و دوو توو بخوات ...

• بەعزێک فێر بوون بە زمانیان خەڵکی تر تیژ ئەکەنەوەو قەتڵوعامیان پێ ئەکەن .. کە شەڕەکە لە خۆی نزیک ئەبێتەوە، یەکسەر سەرشانەکانی و ناو دەستی و سەر لووتی خۆی پڕ ئەکات لە کۆتری ئاشتی ...

• هەیە بۆ ( نا) زمانی ئەوەندەی یەک مەتر درێژە، کاتێک ئەگاتە سەر دەستی هەر دە پەنجەی ئەبن بە بەڵێ ...

• زمان هەیە بە تەن و بە گاڵۆن هەڕەشەی لێ ئەبارێت .. کاتێکیش ئەزانێ ساحێب هەڕەشە لێکراو زانیویەتی بەهەر چوار پەلی باوەشی بۆ ئەکاتەوە ...

• کۆمەڵایەتیەن .. زمان هەیە بەرامبەرەکەی لە ئاوی سووکایەتی هەڵأدەکێشێ .. کە موحتاجیشی ئەبێتەوە داوای بچوکی و خزمایەتی لێ ئەکات ...

• سیاسیەن .. حزب هەیە بە زمانی ئەلعان دەسەڵات دەگۆڕێ .. کەزانی دەستی زۆرکورتە دەڵێ : بەهەڵە لە بەیاننامەکەم گەیشتوون ..

• عەسکەریەن .. زمان هەیە پڕە لە دەبابەی گەورەو تەیارەی هارو جوندی بەقوەت .. هەرکە تەقە دەستی پێکرد، ئەکەوێتە لستنەوەی مێزی گفتوگۆ ...

• ئیداریەن .. زمان هەیە دارولعەدالەتی لێ دەرژێ و لیکاوی شەرافەتی لێ ئەتکێ .. کەچی بە بیستنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە نوتقی لێ ئەبڕێ و وشک دەکات ...

• زمانیش هەیە بە شەو درێژەو کە رۆژ ئەبێتەوە لە دەما نامێنێ ..

• هەیە لە کاتی ئیعتیادیا بە کیلۆمەتر بیپێوە لە خزمەتکردنا .. بەڵام بۆ کەڵکوکارێک زەڕەبین بکەیت بە قورگیشیا نایدۆزیەوە.

• زمان هەیە لە شیرینیدا شەکریشی پێ ناگات، بەڵام کاتێ تامی قسەیەکی تاڵ ئەکات، ئەبێتە ژەهری مار ...

• هەیە لە ئاستی کەسانی خوار خۆیدا بەبست لەدەرەوەیە و قەت دەمی قەپات ناکات، بەڵام کە کەسانی سەرووی خۆی ئەبینێت قسەی بیر ئەچێتەوە !!




بێ توانج

کاریکاتێر

زێرەڤان سالم